## ئاگادارییەک لە هونەرمەند چۆپییەوە بۆ هەموو نوسەر و رۆشنبیر و هونەرمەندانی کورد

ڕێز و سلاو
لە نێو کەلتووری هەر گەلێکدا، گرینگییەکی زۆر دەدرێت بە هەواڵ و لێکۆڵینەوە و جمووجۆڵی هونەری، بۆ نموونە گەر تەماشای میدیای عەرەب یا فارس یا تورک بکەین چەندەها گۆڤار و رۆژنامە دەردەچێت کە تایبەتە بە هونەر و دوورە لە باسی سیاسەت و ئابوری و لایەنەکانی تر.
بەڵام جێی داخە لە نێو میدیای کوردیدا هێشتا هونەر ئەو گرنگییەی پێ نەدراوە کە ببێتە خاوەن ڕۆژنامە و گۆڤاری تایبەتی خۆی.
ئێمە لە www. chopy. net دا پایگەیەکمان داناوە بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی هونەری کە تایبەتە بە هەواڵی گۆرانی و مۆزیکی کوردی و رۆژانە خەڵکێکی زۆر سەردانی سایتەکەمان دەکات بۆ خوێندنەوەی ئەو هەواڵە هونەرییانە و خۆش بەختانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەردانەکان ڕوی لە زیادییە. ئەمەش تینوێتی خەڵکانێک وەدەر دەخات کە تینووی ئەو بابەتانەن.
ئەم کارەی ئێمەش پیویستی بە هاریکاری هونەرمەندان و رۆشنبیران و نوسەران هەیە بۆ گەشە پێکردنی، بۆیە تکا دەکەین هەر بابەتێک پەیوەندی بە هونەری گۆرانی و مۆزیکی کوردیەوە هەیە بۆمان بنێرن، بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەو پایگەیە. پێشەکی سوپاستان دەکەین.
بۆ پەیوەندی کردن و ناردنی بابەت تکایە پەوەندی بکەن بەو ناونیشانەوە

sirwan@chopy. net
چۆپی